ئومێد خۆشناو: خێپیشاندان و گردبونەوەی بەپێی یاسایە و لەچوارچێوەی یاسادا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت

ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر رایگەیاند، کەس تائێستا داوای مامەڵەتی لێنەکردون بو خێپیشاندان،ئاماژەی بۆکرد گردبونەوەو ناڕەزایەتی دەربڕینی بەپێی یاسایە و لەچوارچێوەی یاسادا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و کەس داوای نەکردوە بێت مانگرتن و خێپیشاندان بکەن، "ئەگەر کەسانێکیش بیانەوێت خێپیشاندان بکەن و ڕێز بێ یاسا دانەنێن بەدنیایەوە ڕوبەڕویان دەبینەوە".

ئەو یەکشەمە، پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، لێبارەی خێپیشاندانی هەندێک کەس لە هەولێر بۆ پشتگیریی لە مانگرتووانی سلێمانی، ڕایگەیاند "خێپیشاندان، گردبوونەوە و ناڕەزایەتیی دەربڕین، ڕێکاری یاسایی خۆیان هەیە. لە هەولێریش، کەس داوای مامەڵەتی نەکردووە تاوەکوو خێپیشاندان بکەن یان مانبگرن."

ئومێد خۆشناو دەڵێت "هەولێر هەمیشە میوان دۆست بووە، بەڵام تاقەتی نییە ئەو جۆرە میوانانە وەربگرێت."

ئاماژەی بۆشدا "داستە خەک و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نامازین و نکۆی لێ ناکرێت، بەڵام سەرچاوەی ناوبراویشکە حکوومەتی عێراق کە چەندان ساڵە ستەم لە هەرێمی کوردستان دەکات؛ هەنارد کردنی نەوت ڕادەگرێت، شایستە دارایییەکان دەبڕێت و بودجە بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دابین ناکات لەگەڵ چەندان پێشێلکاری دیکەی دەستووری."

ئومێد خۆشناو لێبارەی سەردانی ژمارێک سیاسی عێراق بۆ نێو خۆیتی مانگرتووان، وتی "باشترە ئێو لایەنە سیاسییانە، لە جیاتی ئێوەی موزایەدەی سیاسی بەسەر مانگرتووانەوە بکەن، با لە بەغدا گرفتەکانمان بۆ چارە بکەن، چونکە پشتگیرکردن لە مانگرتووان بریتییە لە چارەکردنی گرفتەکان."

ئێوەشی خستەڕوو، "هەموو خەک و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو بن و پشتگیری قەوارە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە بڕانبەر ئێو ستەم و دژایەتییەی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە لێی دەکرێت."